# لەناو لێدوانەکانی مام جەلالدا بەعسو سەددام دەبینم(1)، لەناو مانشێتی رۆژنامەیەکدا سوڵتان هاشم، خەزرەجیو تیرۆریستان دەبینم!




هەینی 14.12.2007

**دەرسیم دیبەگەیی**

Darsim2008@hotmail.com


مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو سەرۆک کۆماری ئێستای ئێراق، ئەگەر بێتوو هەروا بەردەوام بێت لەسەر ئەم هەڵوێستو رەفتارە نادروستو نابەجێیانەی کە دژ بەکوردو کوردستانن، هەروەها ئەو لێدوانە دڵخۆشکەرانەی بۆ دوژمنانی کوردو بێزارکەرانەی بۆ کوردو، ئەو پشتیوانە بێمانایانەی کە لە تاوانبارانی کیمیابارانی کوردستانو ئەنفالکردنی کورددا دەیکات، تەواوی خەباتی چەند ساڵەی خۆیو تارادەیەکیش خەباتو تێکۆشانو قوربانیدانەکانی (ی.ن.ک)، وەکو هەولێری دەڵێن پشتەوشار (2) دەکاتەوە!. ئاخر هەر مام جەلال داهێنەری مۆدیلی (برۆکسل) بوو بۆ بەڕێوەبردنی شاری کەرکوکو، دابەشکردنی هەموو پۆستەکانی ئەو شارە بەڕێژەی (%32) بۆ کورد، عارەبو تورکمان، هەروەها (%2)یش بۆ هەریەک لە کلدۆئاشووریو ئەرمەنییەکان!

تائێستا، نەک لە کوردستان بەڵکو لەهەموو جیهاندا سەرکردەیەکم نەدیوە، بەقەد مام جەلال لێدوانی دژ بەیەکو پێچەوانەی دابێت، یاخود بۆ رازیکردنو لەبەرژەوەندی دڵی دوژمنانی کوردو کوردستان، هەرچی بێتە سەرزاری نەیگێڕێتەوە! خۆ هەر لەوە گەڕێ کە چەند شەیدای رزگارکردنی تاوانبارانی دژ بەکوردو کوردستانە! سەردەمێک، داکۆکی لە نزار خەزرەجی تاوانبارو نەخشە دانەرو جێبەجێکەری ئەنفالو کیمیاباران دەکردو نامەی پاکانەکردنی بۆ ئەو تاوانبارە بۆ دادگای دانمارک دەنارد، حەیامێک بوو پشتیوانی لە وەفیق سامەڕائی ئەنفالچی تاوانبارو خامۆشکەری راپەڕینی کوردستانی ساڵی (1991)ی شاری کەرکوک دەکردو، لەپەنای خۆی دەیشاردەوەو باسی بێتاوانیو دڵسۆزیو نیشتمانپەروەری ئەوی دەکرد، رۆژگارێک بوو ساجیدەی ژنی دیکتاتۆرو منداڵە هەتیوەکانی سەددامی کوردکوژی بەچەوساوەی دەستی سەددام ناودەبردو بانگی دەکردن بۆ کوردستان بەمەبەستی داڵدەدانو پاراستنیان، ماوەیەک بوو دەرگای کوردستانی بۆ فرۆکەوانە بەعسیە مەرگ هێنەرو ژەهر رژێنەکانی (هەڵەبجە، سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، شاناخسێ، گۆپتەپە، عەسکەر، سێوسێنان، تەکیە، تازەشار، چیمەن، بالیسان، خەتێ، شێخ وەسانان، دەراش، سماقولی، گەرەوان لەبادینانیش دۆڵی ئاقۆکی، گورچیک، درگەل، زێوە، برجینی، زینافا، گویزێو گلناسکی)، کردبووەوە بۆئەوەی کوردستان ببێتە شوێنێ شاردنەوەی ئەو فڕۆکەوانە دڕندانەی کە لەتۆڵەسەندنەوە دەترسان، چەند مانگێکیشە داکۆکییەکی نارەواو بێوێنە لەسەرکردەکی بەرزی تاوانبارو جێبەجێکەری چوار ئەنفال دەکات، کە ئەویش (تاوانبار فەریقی روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد جبوری) فەرماندەی فەیلەقی یەکی سەردەمی ئەنفالەکانو، دواتریش جێگری سەرۆکی سوپای ساڵانی (1993-1995)و سەرۆکی سوپای ساڵی (1995)و وەزیری بەرگری لەساڵانی(1995-2003)، چەند هەفتەیەک لەمەوبەریش لەهەوڵی گەڕانەوەی ئەندامانی پلە بەرزی بەعسە بۆ سەر کارەکانیانو دوو سێ رۆژ لەمەوبەریش چەندین رۆڵەی کوردی لەپاسەوانەکانی خۆی ناردووە بۆ پاراستنی شۆڤینیو دوژمنی هەرە گەورەی کورد (تیرۆریست عەدنان دلیمی) کە تاسەر ئێسقان دژی جێبەجێکردنی مادەی (140)و گەڕانەوەی شارو شارۆچکە دابڕاوەکانە بۆسەر هەرێمی کوردستانو، دژی دەنگدانە بۆ یاسای گازو نەوتو تەرخانکردنی بودجەی (17%) بۆ هەرێمی کوردستان.

ئاخر مام جەلال، پاشنیوەڕۆی رۆژی پێنجشەممە (7.4.2005)، مەراسیمی سوێندخواردنە یاساییەکەی لەشاری بەغدا بەڕێوەچوو کەبریتی بوو لە: (سوێند دەخۆم بەخوای گەورە کە بەوپەری دڵسۆزییەوە ئەرکو لێپرساوێتییە یاساییەکانم جێبەجێ بکەمو سەربەخۆییو سەروەری ئێراق بپارێزمو بەرژەوەندییەکانی گەلو ئاسمانو ئاوو سامانو سیستەمە دیموکراتییە فیدراڵییەکەی رەچاوبکەمو کار بۆ پاراستنی ئازادییە گشتیو تایبەتییەکانو سەربەخۆیی دادگا بکەمو بەئەمانەتو بێلایەنگیریی پابەندی جێبەجێکردنی یاساکان بم، خوا شایەتی وتەکانمە).

لەم وتارەدا دەمەوێت تیشک بخەمە سەر ئەوە، کە ئایا مام جەلال تاچەند پابەندی ئەم سوێند خواردنەی سەرەوە بووە؟ هەروەها تاچ رادەیەک ئەو دەستی خستۆتە ناو کاروباری دادگاو دادپەروەری! ئایا راستە مام جەلال سەربەخۆیی دادگای پاراستووەو لایەنگیری جێبەجێکردنی یاساکان بووە؟ دڵنیام خۆیشی دەیزانێ ئەو کارانەی کە ئەو دەیکات پێشێلکردنی یاساو دەست وەردانە لەکاروباری دادگا هەروەکو هەموو سەرکردەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەیکەن! ئایا راگرتنو کۆسپ خستنە بەردەم لەسێدارەدانی سوڵتان هاشمو

ئۆتۆماتیكیش تاوانبارانی تری ئەنفال عەلی حەسەن مەجید (عەلی كیمیاوی)و حوسێن رەشید تكریتی، دەست خستنە ناو كاروباری دادگاو لادان نییە لەو سوێندەی كە ئەو خواردوویەتی؟ ئایا ئەو دەست تێوەردانانەی تاڵەبانی لەدادگا دەیكات، سەربەخۆیی دادگاو دادپەروەری ناشێوێنێ؟

فەرموون بابزانین لەو كۆنگرە رۆژنامەنووسییەی مام جەلال كە لەرۆژی هەینی (7.9.2007)دا، لەسلێمانی - دوكان بەستی، ئەو چی دەڵێت: (پەیامنێر رۆژی هەینی (7.9.2007)، نووسیوێتی: تاڵەبانی: رازی نیم سوڵتان هاشم لەسێدارە بدرێت - جەلال تاڵەبانی سەرۆك كۆماری ئێراق ئەمڕۆ رایگەیاند كە رازی نیە سوڵتان هاشم وەزیری بەرگری لە حكومەتی سەدام حوسێن لەسێدارە بدرێت چونكە پەیوەندیان بەیەكەوە هەبووە، روونیشیكردەوە: لە سەردەمی دیكتاتۆردا پەیوەندیم لەگەڵ سوڵتان هاشم هەبووەو هانم داوە كە دژی سەدام حوسێن بجەنگێت). هەروەها پەیامنێر لەدرێژەدا دەنووسێت: (جەلال تاڵەبانی سەرۆك كۆماری ئێراق لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانیدا لە شاری سلێمانی لەبارەی هەڵوێستی خۆی لەبەرامبەر لەسێدارەدانی یاریدەدەرانی سەدام حوسێن گوتی: ئەگەر دادگای باڵای تاوان بڕیارەكانی بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرۆكایەتی كۆمار جێبەجێ بكات ئەوا بابەتێكی دیكەیە، بەڵام لەكاتێكدا كە ئەنجوومەنی راوێژكاری بڕیاری گەڕانەوە بۆ سەرۆكایەتی كۆماری دا لەبارەی جێبەجێكردنی ئەو بڕیارانە ئەو كاتە ئێمە تێبینیمان لەبەرامبەر لەسێدارەدانی ئەفسەرانی سوپای پێشووی ئێراق دەبێت. لەبارەی هۆكاری ئەو بۆچوونەشەوە گوتی: زۆربەی ئەفسەرانی سوپای پێشووی ئێراق لەژێر ترسو هەڕەشەی كوشتن فەرمانەكانیان جێبەجێدەكرد، هەرچەندە ئەوە نابێتە پاساوێك بۆ تاوانەكانیان كە دژ بە گەلی ئێراق ئەنجامیانداوە بەڵام پێویستە ئەو خاڵە لەبەرچاو بگیرێت. لە درێژەدا سەرۆك كۆماری عێراق گوتی: بۆ نموونە كەسێكی وەكو سوڵتان هاشم كە من پەیوەندیم لەگەڵی هەبوو و چەندین جار هانم داوە بۆ ئەوەی بەرهەڵستكاری دژی رژێمی سەدام حوسێن بكات، بۆیە چۆن ئەمڕۆ فەرمانی لەسێدارەدانی ئەو واژوو دەكەم، هەرگیز ئەو كارە ناكەم).
گومانم لەوەدا نییە كە زۆربەی كوردو بەتاڵەبانیشەوە گوێمان لەكاسێتەكەی عەلی كیمیاوی بووە، كە باسی (طالع خلیل الدوري) دەكات كە سەردەمێك فەرماندەی فەیلەقی پێنج بووە لە هەولێرو، فەرمانی سەددامی جێبەجێ نەكردووە لەكاتی ئەنفالە بەد ناوەكاندا، كەچی لەسێدارەش نەدرا! دواتر ئەگەر مام جەلال كەسێكی مافناس بێت، دەبێت ئەوە بزانێت كە لە دادگادا، دادگا سەیری بەشداریو ئاستی بەشداری تۆمەتبار لە تاوان دەكاتو بەو پێیە ئەو كەسە سزا دەدرێت، هیچ گوێ نادرێتە ئەوەی كە ئەو كەسە فەرمانی سەرووی خۆی جێبەجێكردووە یا نا، ئەوە لە دادگا نێونەتەوەییەكانی كە بۆ تاوانی ژینۆساید، تاوانی دژ بەجەنگو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەوجۆرەیە. تا ئێستا هیچ دادگایەكی نێونەتەوەی یا پرۆفیشیۆنال بەو بیانووە لە كەس خۆش نەبووە.

پوك ئۆنلاین، هەر هەمان رۆژ نووسیوێتی: (جەلال تاڵەبانی سەرۆك كۆماری ئێراق سەر لەبەیانی ئەمڕۆ هەینی (7.9.2007)، لەكۆنگرەیەكی رۆژنامەنووسیدا لەبارەگای مەكتەبی سیاسی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان ئاشكرایكرد كە سبەینێ رۆژی شەممە عەلی حەسەن مەجید لەسێدارە نادرێت، كە لەلایەن دادگای تێهەڵچوونەوەی ئێراقی لەچەند رۆژی رابردوودا سزای لەسێدارەدانەكەی چەسپاو بڕیاربوو رۆژی شەممە جێبەجێ بكرێت. بەبڕوای سەرۆك كۆماری ئێراق هەموو لەسێدارەدان دەبێت بەنووسراوی كۆماری سەرۆكایەتی كۆمار بڕیاری كۆتایی لێ بدرێتو تائێستاش هیچ شتێكی لەو شێوەیەی پێنەگەیشتووە. تاڵەبانی لەو كۆنگرە رۆژنامەنووسیەدا كە لەشاری سلێمانی سازیكردبوو رایگەیاند كە وەكو باوەڕو پرانسیپی خۆی لەگەڵ سزای لەسێدارەداندا نییە، چونكە ئەندامی سۆشیال دیموكراتی جیهانییەو پەیماننامەی قەدەغەكردنی سزای لەسێدارەدانی واژۆكردووە. هەروەها ئەوەشی روونكردەوە كە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ سزای لەسێدارەدانی سوڵتان هاشمی وەزیری بەرگری پێشووی ئێراقدا نیە. سەرۆك تاڵەبانی ئاماژەی بەوەكرد كە سوڵتان هاشم لەسەردەمی رژێمی سەددام حوسێندا پەیوەندی هەبووە پێیانەوەو چەندینجار داوای لێكراوە كە دژی رژێم بوەستێتەوە، سەرۆك كۆمار وتیشی: ئێستا چۆن كەسێك پێشتر پەیوەندی پێمانەوە هەبووە، سزای لەسێدارەدانی بۆ دەربكەین).
ئەو پەیوەندییەی كە تاڵەبانی باسی دەكات لەساڵی (1995) بووە، تاوانی ئەنفال ساڵی (1988) ئەنجام دراوە، واتە پەیوەندی سوڵتان بە تاڵەبانییەوە ئەگەر راست بێتو هەروەكو ئەوەی نزار خەزرەجی(3) نەبێت، ئەوە بەلای كەمەوە شەش تا حەوت ساڵ دوای جێبەجێكردنی شاڵاوەكانی ئەنفال بووە، بۆیە ئەوە هەرگیز نابێتە پاساوێك بۆ لەسێدارەدا نەدانی ئەو تاوانبارەیە!

ماڵپەڕی سبەی – فەرمان عەبدولڕەحمانو ڕێژین ئیبراهیم لە (7.9.2007)دا نووسیویانە: (تاڵەبانی سەرۆک کۆماری ئێراق لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا کە کاتژمێر (11)ی پێشنیوەڕۆی ئرمڕۆ لەتەلاری مەکتەبی سیاسی سازیکرد تاڵەبانی وتی: (دەربارەی لەسێدارەدانی عەلی کیمیاویو سوڵتان هاشمو حوسێن ڕەشید، سەرەتا بەیانی لەسێدارە نادرێن، ئێستا کێشەیەک هەیە لەم بوارەدا، شورای ئێراق بڕیاری داوە کە لەسێدارەدان دەبێت بەمەرسومی کۆماری بێتو هەرسێ ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بڕیاربدەن لەسەر لەسێدارەدانەکە). تاڵەبانی دەربارەی سوڵتان هاشم وتی: (دەبێت لەسەر ئەو ئەفسەرانەی ئێراق هەڵوێستێکی ترمان هەبێت، چونکە ئەو بڕیارەی ئەو دەمەی سەدامی جێبەجێکردووە، ئەگەر نەیکردایە تیادەچوو، ئەمە جگەلەوەی سوڵتان هاشم لەپەیوەندیدا بوو لەگەڵ ئێمەداو هانمان دەدا دژی سەدام بجولێت، ئێستا چۆن لەسێدارەی بدەین).

هەر بەگوێرەی مادەی (27)ی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق کە (کۆپییەکم هەیە)، یاساکە بە بڕیاری ژمارە (10)ی سەرۆکایەتی کۆمار لە (9.10.2005)دا بەواژۆی مام جەلال، عادل عەبدولمەهدیو غازی یاوەر پەسەندکراوەو بڕیاری کارکردن بەو یاسایە دەرچووە، یاساکە بریتییە لە (40) مادەو، لەخاڵی دووەمی مادەی (27)دا هاتووە: (بۆ هیچ لایەنێک نییە بە سەرۆک کۆماریشەوە ئەو سزایانەی کە لەو دادگایەدا دەردەچێت سزاکان سووک بکات یان سزادراو ببەخشێت. دوای ئەوەی کە سزاکە یان بڕیارەکە پلەی یەکلاکەرەوەی وەرگرت، دەبێت لەماوەی (30) ڕۆژدا سزاکە جێبەجێ بکرێت). تاڵەبانی کە خۆی واژۆی لەسەر یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق کردووەو، دەنگی بۆ دەستوورێک داوە کە لەسێدارەدانی تیایەو، سوێندی خواردووە کە دەستکاری کاروبارەکانی دادگا نەکات، کەچی بەئاشکرا دەستوورو یاسا پێشێل دەکاتو بەڵێنی سوێند خواردنەکەی دەشکێنێ، ئەمەش وەکو هەولێری گووتەنی: (گۆشتاوی دەخواتو گۆشتەکەی ناخوات) وایە، لەهەمان کاتدا کەسانی وا هەن لەجیاتی ئەوەی ڕەخنەی لێبگرن، پاساو بۆ پێشێلکارییەکانو دەست خستنە ناو کاروباری دادگا لەلایەن تاڵەبانییەوە بەکارێکی حەکیمانەی ئەو دەزانن! خۆ خاڵی دووی مادەی (27)ی یاساکە ڕێگە بەسەرۆک کۆمار نادات دەستکاری هەر سزایەک کە لەو دادگایەدا دەربچێت بکات، کەچی تاڵەبانی سەرۆک کۆمار ڕێز لەهیچ شتێک ناگرێتو بەئارەزووی خۆی جێبەجێکردنی سزای تاوانبارانی ئەنفالی دواخستووە، بێ ئەوەی گوێ بداتە هەستی چەند ملیۆن کوردێک. پێم وایە لەکاتی سزادانو جێبەجێکردنی سزای داهاتووی تاوانبارانی دۆسیەی ڕاپەڕینی باشووری ئێراق، تاڵەبانی ناتوانێت لەئاست عارەبی شیعە تەنانەت یەک ڕۆژ سزاکان دوا بخات، یان قسەیەکی وای لێبکات کە بۆنی سووککردنی سزاکان یان بەخشینی تاوانبارانی لێبێت!

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق لەسەر پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال، کە بریتییە لە (9312) لاپەڕەو خراوەتە سەر (سێ دی)یەکو کۆپییەکم دەستکەوتووە، لێکۆڵینەوە لەگەڵ سوڵتان هاشم لە لاپەڕەکانی (8140-8184)دایەو، هەرگیز باسی ئەوەی نەکردووە، کە پەیوەندی بە تاڵەبانی یان ئەمەریکاوە هەبووبێت! هەروەها تەواوی دانیشتنەکانی دادگاییکردنی تاوانبارانی (ئەنفال)م تۆمارکردووە، نەک سوڵتان هاشم باسی ئەوەی نەکرد کە پەیوەندی بە مام جەلال یان ئەمریکاوە هەبووبێ، بەڵکو هەم لە لێکۆڵینەوەو هەم لەدانیشتنی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال زۆر شانازی بەوەوە کردووەو دەکرد کە سەرکردایەتی چوار ئەنفالی کردووەو ئەرکێکی نیشتمانیو نەتەوەیی جێبەجێکردووە، ئەگەر نەیکردبایە ئێرانییەکان بەقسەی ئەو لەگەڵ (تێکدەرەکان – موخەڕبین) هاتبوونو بەنداوەکانی دەربەندیخانو دوکانیان دەتەقاندەوەو ناوەڕاستو باشووری ئێراق ئاو دەیبردن! هەروەها سوڵتان هاشم لەکاتی دانیشتنەکانی دادگادا باسی ئەوەی کرد، ئەگەر جارێکی تریش هەمان بارودۆخی بێتەوە پێش، ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە فەرمانەکان جێبەجێدەکاتو ئەنفالێکی تری کورد دەکاتەوە! باشە تاڵەبانی باسی ئەوە دەکات کە سوڵتان ئەفسەر بووەو فەرمانی جێبەجێکردووە، ئەی باشە حوسێن ڕەشید چی بووە؟ ئایا ئەویش هەر ئەفسەرێکی پایەبەرزی سەددام نەبووە وەکو سوڵتان هاشم؟ یان بانێکەو دوو هەوا، هەروەها ئەو ماستە نەک موویەک بەڵکو گوریسێکی تیایە!

کوردستانی نوێ، لەژمارە (4401)ی ڕۆژی یەکشەممە (21.10.2007)دا لە لاپەڕەکانی (2+3)دا دیمانەیەکی مام جەلالی لەگەڵ کەناڵی (العربیة)دا کە جیزیل خوری ئەنجامی داوەو لەژێرناوی: (لەدیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی العربیة – سەرۆک تاڵەبانی: کێشەی پەکەکە بەشەڕ چارەسەر نابێتو پێویستە کورد پشتیوانی ئەردۆگان بکات)دا بڵاوکردۆتەوە، تاڵەبانی دەڵێت: (من لە ڕوی پرانسیبەوە دژی سزای لەسێدارەدانم، چونکە واژۆم لەسەر بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی کردوە بۆ ڕەتکردنەوەی سزای لەسێدارەدان. سەبارەت بە فەریق

روكن (سوڵتان هاشم)یش ، پێم وایە كە شیاوی ئەوە نییە لەسێدارە بدرێت هەروەها پێش هەموو كەسێك بە ئاشكرا داوام كرد كە حوكم نەدرێت بەڵام وەك خۆت دەزانیت دادگا سەربەخۆیەو دواتر داوای جێبەجێ نەكردنی ئەو بڕیارەم كردوە تا سزاكەی سوك بكرێت چونكە ئەو پیاوە ئەفسەرێكی بە تواناو باش بووەو ئەو فەرمانانەی جێبەجێ كردوە كە لە سەدام حوسێنەوە دەرچووە ، ئەویش وەك كەسێكی سەربازی نەیتوانیوە سەرپێچی بڕیارو فەرمانەكان بكات، چونكە سەدام حوسێن هەر كەسێكی دەكوشت كە سەرپێچی بڕیارەكان بكات ، بەڵێ من دژی لەسێدارەدانی سوڵتان هاشمم‌و داوام كردووەو داواش دەكەمەوە كە لەسێدارە نەدرێت‌و ئەگەر مەسەلەكە ئیمزای من بێت ئەوا من هەرگیز ئیمزای لەسێدارەدانەكەی ناكەم. ئەگەر جێبەجێ كردنەكە پێویستی بە مەرسوم بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە ئێمە لە سەرۆكایەتی كۆمار هەرسێكمان فەرمانی لەسێدارەدانی وەزیری پێشوتری بەرگری ئیمزا ناكەین). ئەو لێدوانانەی تاڵەبانی دەریدەخات كە ئەو پێشتریش هەوڵی داوە دەست بخاتە ناو كاروباری دادگا، بەڵام دادگا ڕێگەی پێنەداوە! ئەی باشە مام جەلال، لە (7.4.2005) سوێندی نەخواردبوو كە (كار بۆ پاراستنی ئازادییە گشتی‌و تایبەتییەكان‌و سەربەخۆیی دادگا بكات‌و بەئەمانەت‌و بێلایەنگیریی پابەندی جێبەجێكردنی یاساكان بێ)؟ ئایا كەسێكی مافناس دەبێت وەكو مام جەلال بێت؟ ئایا دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق لەدادگاییكردنی تاوانبارانی دوجەیل‌و ئەنفال، بەپێی دەستووری ئێراق‌و یاسای دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراقی سزای لەسێدارەدانیان بۆ تاوانبارەكان دەرنەكردووە، كە تاڵەبانی خۆی یەكێك بووە لەو كەسانەی كە دەنگی بۆ ئەو دەستوورە داوەو واژۆی یاساكەی (د.ب.ت.ئ)ی كردووە؟ ئایا دواخستنی جێبەجێكردنی سزاكە، لادان نییە لەدەستوور، یاساكەو سوێند خواردنەكە؟

لەپرسیارێكی (جیزیل خوری)دا سەبارەت بە عەلی حەسەن مەجید، تاڵەبانی بەمشێوەیە وەڵام دەداتەوە: (من بەرپرسیارێتی كەس لە ئەستۆ ناگرم لەم قۆناغەدا جگە لە سوڵتان هاشم ، من مەبدەئم بۆ ئەفسەران ئەوەیە كە پێم خۆش نییە ئەفسەران لەسێدارە بدرێن، چونكە دەتوانین ئەگەر تاوانیشی كرد بەزیندانی هەتاهەتایی سزای بدەین، بەڵام لەسێدارەدان لەگەڵیدا نیم‌و دژی لەسێدارەدانی ئەفسەرانی سوپام. عەلی حەسەن مەجید ئەفسەر نەبووە ، عەلی حەسەن مەجید تاوانی زۆر قێزەونی ئەنجام داوە، بەڵام من دەسەڵاتی ئەوەم نی یە كە بڕیار لە چارەنوسی بدەم هەروەك سەرۆكایەتی كۆمار ئەو دەسەڵاتەی نی یە كە حوكمی دادگا تایبەتەكان سوك بكات). ئەی كە سەرۆكایەتی كۆمار ئەو دەسەڵاتەی نییە كە حوكمی دادگا تایبەتەكان سوك بكەن، بۆ هەوڵ دەدەن سوڵتان هاشم كە لەلایەن هەمان دادگای تایبەتەوە سزای لەسێدارەدانی دراوە، سزاكەی بۆ سووككەن یان رزگاری بكەن؟ ئایە ئەوكارەی تاڵەبانی پێشێلكردنی یاساو دەست خستنە ناو كاروبارەكانی دادگا نییە، كە ئەو سوێندی خواردووە خۆی لەكاری وا بپارێزێت؟

باشە دەبێت مەسەلە چی بێت، مام جەلال ئەو هەموو داكۆكیكردن، شیوەن‌و واوەیلایەتی بۆ ئەفسەرێكی وەكو (سوڵتان هاشم)ی سوپا شۆڤینی‌و فاشییەكەی سەددام؟ سەیری ئەو لێدوانەی تاڵەبانی بكەن لەخوارەوەدا، لەلایەك دەیسەلمێنێت كە بەندە مافی خۆیەتی بڵێت: (مام جەلال لێدوانی دژ بەیەكو پێچەوانە دەدات)، لەلایەكی تریشەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات كە مام جەلال دەنگێكی ناشازەو داوای رزگاركردنی ئەفسەرێكی بەرزی سەددام‌و تاوانبارێكی گەورەی لەشكری گۆڕبەگۆڕی ئەنفالی بەدناو، كیمیاباران‌و كاولكەری كوردستان دەكات! مام جەلال، لەژمارە (3417)ی كوردستانی نوێ، دووشەممە (12.7.2004)دا لەوتارێكدا لەژێرناوی (مام جەلال، لەمەراسیمی چلەی كاك دارۆدا)، كە لە لاپەڕەكانی (2+3)دا بڵاوكراوەتەوە، بەمشێوەیە باسی لەشكری سەددام‌و بەعس دەكات: (جگە لەنەمانی دیكتاتۆریەت‌و نەمانی مەترسی لەناوبردنی خەڵكی كوردستان، دامودەزگاكانی داپڵۆسینیش، هەڵتەكانەوە، ئەو لەشكرەی كە پێی دەوترا لەشكری ئێراق، لەڕاستیدا لەشكری سەددام حوسێن بوو، هیچ پەیوەندییەكی بەگەلی ئێراقەوە نەبوو هەڵتەكایەوەو هەڵوەشایەوە. ئەوە ئامێری داپڵۆسین‌و دامركاندنەوەی خەبات‌و شۆڕشەكانی خەڵكی كوردستان بوو. یەكەمین فەوجی ئەم سوپایە كە بەناوی "موسا كازمەوە" دامەزراوە ئا لەم سلێمانیە هاتووە شەڕی پێشمەرگەكانی شێخ مەحمودی نەمری كردووە. بۆمبارانكردنی كوردستان، كمیابارانكردنی كوردستان، ئەنفالی بەدناو لە كوردستان لەسەر دەستی ئەو لەشكرە بوو. لەبەرئەوە ئەو لەشكرە گۆڕبەگۆڕ بێت، بڕوات‌و هەتا هەتایە جارێكیتر سەر هەڵنەداتەوە. ئێمە پەرۆشی ئەو دوژمنانەو ئەو داگیركەرانەی خۆمانمان نیە. هەندێ دەنگی ناشاز پێی وایە ژیانەوەی ئەم جۆرە لەشكرە دەبێتە هۆی ئارامی‌و ئاسایش، بەپێچەوانەوە ژیانەوەی ئەم جۆرە لەشكرە دەبێتە هۆی شەڕێكی ناوخۆیی سەخت كە نەكوردو نەشیعەو نەتێكۆشەرانی دیموكراتی ئێراقی پەسندی دەكەن). ئەی خێرە ئێستا تاڵەبانی ئەوەندە بەپەرۆشی ئەو دوژمنانەی خۆمانە؟ ئایا خۆی بەدەنگێكی ناشاز نازانێت بەداكۆكی كردنی لەتاوانبار (أبو أنفال)(4)؟

ئەگەر مام ئەوەندە ڕێز لەواژۆکەی خۆی دەگرێت بەبیانوی ئەوەی کە ئەندامی سۆشیال دیموکراتی جیهانیو پەیماننامەی قەدەغەکردنی سزای لە سێدارەدانی ئیمزاکردووە، ئەی بۆ بڕیاری سزای گەلو شۆڕش واژۆ دەکات بۆ کوردستانیەکان[5]؟ یان خوێنی کوردان بەلایەوە گرنگ نییە، ئەگەر بەلایەوە گرنگ بوایە بەمشێوەیە سووکایەتی بەخوێنی بەناهەق ڕژاوی (182) هەزار قوربانی ئەنفال نەدەکرد؟ چونکە هەوڵەکانی ئەو بۆ ڕزگارکردنی ئەفالچییەکی وەکو سوڵتان هاشم، گەورەترین سووکایەتیکردنە بە ئەنفالکراوەکانو بنەماڵەکانیانو تەواوی کورد!

ئەوە تائیرە سەبارەت بە تاوانبار (سوڵتان هاشم) بوو، بابزانین مام جەلال سەبارەت بە تاوانبار (نزار خەزرەجی) چۆن پاکانەی بۆ کردووە؟ کوردستانی نوێ، لەژمارە (4401)ی یەکشەممە (21.10.2007)، لاپەڕەکانی (2+3)دا دیمانەیەکی مام جەلالی لەگەڵ کەناڵی (العربیة)، بەرنامەی (بالعربي) کە لەڕۆژی (18.10.2007)دا، جیزیل خوری ئەم دیمانەیەی ئەنجام داوەو، کوردستانی نوێ لەژێرناوی: (لەدیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی العربیة – سەرۆک تاڵەبانی: کێشەی پەکەکە بەشەڕ چارەسەر نابێتو پێویستە کورد پشتیوانی ئەردۆگان بکات)دا بڵاوکردۆتەوە، تاڵەبانی سەبارەت بە خەزرەجی دەڵێت: (منو برام مەسعود بارزانی نامەیەکمان بۆ دادگایەکی دانیمارک نووسی کاتێک نزار خەزرەجی دەستگیرکرا کە فەرماندەی ناوچەی کوردستان بوو لەکاتی شەڕەکاندا، ئێمە وتمان ئەو کەسە کەسێکی سەربازی بووەو فەرمانی جێبەجێکردووە، بەهەمان شێوە ئێستا من پێموایە ئیدی بەسە لەسێدارەدان، چونکە خوێن خوێنی تر بەدوای دێنێتو ئێمە ئێستا لەبەردەم ئاشتبوونەوەی نیشتمانی داین لەوێدا نامەوێت پەتی لەسێدارەدان ببینم).
سەرەتا مام جەلال بەتەنیا نامەی ناردووەو ئامادەیی خۆی بەتەنیا نیشانداوە بۆ شایەتیدان، با مەسعود بارزانی تێکەڵ نەکات[6]! دواتر باهەرچی سەحافو داود قەیسیو ڕەبابو مەی ئەکرەمو سەعد بەزازی مام جەلال هەیە سەیری ئەو نامەیەی تاڵەبانی بکەن کە لەبەرواری (28.11.2002)دا بۆ وەزیری دادی دانمارکی بەزمانی ئینگلیزی ناردوویەتیو دەقەکەی لەکۆتایی ئەم وتارەدا بڵاودەکەمەوە، بابزانن ڕستەی (ئێمە وتمان ئەو کەسە (مەبەست نزار خەزرەجییە) کەسێکی سەربازی بووەو فەرمانی جێبەجێکردووە)، لەنامەکەی ناوبراودا دەدۆزنەوە؟ یان نامەکە تەواو بەشێوەیەکی تر نووسراوەو، سەرتاپای نامەکە ڕاستییەکی تیا بەدی ناکەیت؟ نامەکەش خۆی لەخۆیدا وەڵامێکە بۆ ئەو ناڕاستییانەی کە مام جەلال بۆ کەناڵی (العربیة) باسی کردووەو (کوردستانی نوێ)، لەژمارەی (4401)ی ڕۆژی یەکشەممە (21.10.2007)دا دەقی دیمانەکەی بڵاوکردۆتەوە. ئەمەش بەشێکی ناوەڕۆکی نامەکەی تاڵەبانییە کە بۆ وەزیری دادی دانمارکی نووسیوێتی: (بە پێویستی دەزانم وەکو شایەتێک لەدۆزی نزار خەزرەجی، سەرۆکی سوپای پێشووی ئێراق، بێمە پێش. بەگوێرەی زانیارییەکانم ژەنەڕاڵ خەزرەجی خۆی، نە بەشداری ئەنفالی کردووە وە نەفەرمانیشی دەرکردووە بۆ دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال، یان بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی. فەرمانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ڕاستەوخۆ لەلایەن فەرماندەی گشتی دەردەچوو، فەرمانی بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکانە لەلایەن تاوانباری ناسراوی جەنگ عەلی حەسەن مەجیدەوە دەرچووە. خەزرەجی، هەر لەتەمەنی لاوێتیدا خۆبەختکارێکی ئێراقی بوو، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە لەدڵەوە لایەنگیری ڕژێمە دیکتاتۆرەکەیە. کاتێ خەزرەجی خۆی گەیاندە ڕیزەکانی پارتی بەعسو سوپا، خۆی خستە پاڵ چەپەکانەوە کە دژ بەگرووپی سەددامو عەفلەقیەکان بوو. دوای ئەوەی خەزرەجی پلەی بەرزبووەوە بۆ فەرماندەی فەیلەقی یەک پەیوەنییەکی پتەوی لەگەڵ (ی.ن.ک) بەست. بەزانیاری تەواوی بەندە، خەزرەجی خودی خۆی بەشداری ئەنفال یان بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نەکردووە. وەکو خۆم هەستدەکەم ڕژێمی ئێراقی هانی (پ.ک.ک)و هەندێک کوردی ئێراقی داوە کە مەسەلە تراژیدیەکەی هەڵەبجە کاری تێکردبوون، بو دانانی پلانێک لەدژی خەزرەجی).
ئەو پیاهەڵدانەی تاڵەبانی بە نزار خەزرەجی زۆربەی خەڵک دەیزانێت کە هیچ ڕاستییەکی تیا نییە، دواتریش بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەدادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال خرانەڕوو، خەزرەجی نەخشەدانەرو جێبەجێکەری شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفالە بەدناوەکانو فەرماندەری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بوو لەدژی کورد[7]! سەبارەت بەوەش کە تاڵەبانی نووسیوێتی: (وەکو خۆم هەستدەکەم ڕژێمی ئێراقی هانی (پ.ک.ک)و هەندێک کوردی ئێراقی داوە کە مەسەلە تراژیدیاکەی هەڵەبجە کاری تێکردبوون، بۆ دانانی پلانێک لەدژی خەزرەجی). سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەگەر مام جەلال داکۆکی لە ئەندامێکی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)یش بکردایە، بەمشێوەیەی کە داکۆکی لەخەزرەجی کردووە لەو ئەندامە سەرکردایەتییەی خۆیانی نەدەکرد! هەروەها دوای ڕوخانی ڕژێمی سەددام هەموو بەڵگەنامەکانو دۆسێکانی ئەمنو ئیستیخباراتو موخابەراتی سەر بەڕژێم گیران، لەنێویاندا چەندین ئەندامی مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی یەکێتیی، کادیری بەرزو وورده بەرپرسی حزبیو حکومی فایلیان هەبوو لای ڕژێم، ئەگەر کەسێکی سەر بە کۆمیتەکەی ئێمە

یان هاوڕێیانی (ڕێکخراوی چاک) کە تاسەر یارمەتیدەوور پشتیوانی ئێمە بوون، فایلی هەبوویێت بازۆر بێمنەتانە بڵاوی کەنەوە! دواتر نەک تەنیا خەزرەجی، بەڵکو بەعسو چەپێتی کوجا مەرحەبا.

سەرەڕای ئەو نامەیەی تاڵەبانی بۆ وەزیری دادی دانمارکی، لەدانیشتنەکانی ڕۆژانی (هەینی 17.1.2003)و (هەینی 21.2.2003)ی دادگاییکردنی خەزرەجی لەشاری (سوغو)ی دانمارک، خەزرەجیو پارێزەرەکەی (ئەنەس یوسفسن) باسی ئەوەیانکرد کە هەردوو سەرکردەی کورد مام جەلالو مەسعود بارزانی ئامادەن بۆ داکۆکی کردنو هاتن بۆ دانمارک لەپێناوی شایەتیدان بۆ بەرژەوەندی خەزرەجیو بەرپەرچدانەوەی تاوانەکانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو شاڵاوە دڕندانەکانی ئەنفال کە ڕووبەڕووی تاوانبار خەزرەجی کرابووەوە! باشە ئەگەر تاڵەبانی هەر وەکو بۆ کەناڵی (العربیة ) باسی کردووە کە گوایە گوتویەتی: (ئێمە وتمان ئەو کەسە (مەبەست نزار خەزرەجی)یە کەسێکی سەربازی بووەو فەرمانی جێبەجێکردووە)، چی پێویست دەکات بێت بۆ دانمارکو شایەتی بۆ ئەو تاوانبارە بدات؟ یان تاڵەبانی لە کەناڵی (العربیة )دا شتێک بەخەڵکەکە دەڵێت، کەچی لەنامەکەدا شتێکی تری نووسیوەو بۆ شایەتیدان لەناوەڕۆکی نامەکە دێت؟ دواتر مام جەلال کە خۆی بەکەسێکی مافناس ناودەبات، ئایا کەسێکی مافناس دەکرێت پاساو بۆ تاوانباران بهێنێتەوە بەوەی کەگوایە فەرمانی (سەددام)یان جێبەجێکردووەو تاوانەکە هی (سەددام)ەو، جێبەجێکەرانی تاوانەکە لەشێوەی نزار خەزرەجی، وەفیق سامەڕائیو سوڵتان هاشم نابێت سزا بدرێن؟ ئایا کەسێکی مافناس دەبێت بێئاگا بێت لەوەی کە بەگوێرەی یاساکانی دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، هەرکەسێک کە فەرمان جێبەجێبکاتو تاوان ئەنجام بدات، ئەوە جێبەجێکردنی فەرمان نابێتە پاساو بۆ بێتاوانی ئەنجامدەری تاوانەکە؟ نموونەش دادگاییکردنی ئەفسەرانی نازی ئەڵمانی (دادگای نۆرمبێرگ) لەدوای شەڕی جیهانی دووەمو ئەفسەرانو بەرپرسانی یۆگۆسلاڤیاو کەمبۆدیایە کە تاوانەکان بەتەنیا نەبوونە هی ئەدۆلف هیتلەر (30.4.1945-20.4.1889)، سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ (1941-18.3.2006)و پۆل پۆت (15.4.1998-19.5.1928)!

بۆیە بەمافی ڕەوای خۆمی دەزانم ئەگەر بڵێم، لەناو لێدوانو بۆچوونەکانی (مام جەلال)دا بەعسو سەددام، ئەتاتورکو تۆرانییەکان، خومەینیو ئایەتوڵلاکانو عروبەی سوریاو ئێراق دەبینم! لەناو وتەکانی (مام جەلال)دا، ئەنفال، کیمیاباران، عەلی حەسەن مەجید، میشیل عەفلەق، ئوسامە بن لادن، عزەت دوری، عەدنان دلێمی، ساڵح موتلەگ، حارس زاری، عەبدولجەبار کوبەیسی، سیستانی، ئیبراهیم جەعفەری، ئەیاد عەلاوی موفتەدا سەدر دەبینم! لەناو مانشێتی چەند ڕۆژنامەیەکی ناوەوەی کوردستانو کەللەسەری بەناو چەند ڕۆشنبیرێکی کورددا بەداخەوە لەتیف نسەیف جاسم، داود قەیسی، مەی ئەکرەم، وەحید، محەمەد سەعید سەحاف، سەعد بەزاز، شەفیق ئەلکەمالی، ڕەباب، سەڵاح عەبدولغەفورو عەبدولئەمیر موعەلەو دەیان ڕۆمانی (الایام الطویلة ) دەبینم.

## سەرچاوەکـــــــــــــــــــــان:

(1)- ناونیشانی وتارەکە لەکۆپلەیەکی هۆنراوەی هۆنەری بەرزی کورد (عەبدوڵلا پەشێو) وەرگیراوە کە دەڵێت:

لەناو مانشێتی ڕۆژنامەکاندا بەعس دەبینم
لەناو مەوکبی سەرکردەکاندا بەعس دەبینم
لەفیفتی فیفتی ناو پەرلەماندا بەعس دەبینم
لەدیل کوشتنو بەرائەت پێدان بەعس دەبینم
لەزەنگ لێدانو دەرگە لێدانی نیوەشەواندا بەعس دەبینم

(2)- پشتەوشار کردن لەیاری هەلوکانێ بەکار دەهێنرێت، واتە لەدەستدانی هەموو ئەو خاڵانەی کە لایەنی بەرامبەر هەیبوو.

(3)- بەهیچ شێوەیەک باوەڕ ناکەم کە سوڵتان هاشم پەیوەندی بە تاڵەبانییەوە هەبوبێت، کاتی خۆیشی لەساڵی (2002)دا لەسەر بانگێشەی پەیوەندی نزار خەزرەجی بەسەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە لەگەڵ ئەندامێکی (مەکتەبی سیاسی) قسەم کرد، لەوەڵامدا ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی گوتی: (ئەو شتە هیچ بنەماو بنچینەیەکی ڕاستی نیەو چیرۆکێکی دروستکراوە).

(4)- ئەبو ئەنفال، سوڵتان هاشم خۆیەتی کە کچێکی بەناوی (أنفال) ناوناوە، دوای جێبەجێکردنی ئەنفالە بەدناوەکان لە کوردستاندا (سەیری میدیای ژمارە (314)ی سێشەممە (13.11.2007) بکە.

(5)- (سەیری نامەی تاڵەبانی بکەن بۆ مەڵبەندی (8)ی راپەڕین، بەرواری (11.8.1996)، ئارام مەڵکەندی، پێویستە تاڵەبانی دادگایی بکرێت، چوارشەممە، (5.12.2007)، ماڵپەڕی کوردستان پۆست.

(6)- بارزانی خۆی نامەی بۆ دادگای دانمارک نەناردووە، بەڵام لەڕۆژی (10.10.2001)دا، دڵشاد میرانی، بەرپرسی بیرۆی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، نامەیەکی بۆ (فرانک یەنسن)ی وەزیری دادی ئەوکاتی دانمارک ناردووە، ناوەڕۆکی نامەکەی ئەویش تارادەیەکی زۆر هەروەکو نامەکەی تاڵەبانییە. کاتی خۆی دوای ئەوەی نزار خەزرەجیو پارێزەرەکەی لەدادگادا باسی ئەوەیانکرد کە تاڵەبانیو بارزانی نامەی پشتیوانییان ناردووە، بەڵێنیان پێداوە بۆ شایەتیدان بێن بۆ دانمارک، هەروەها مام جەلال لە کوێت، رۆژی سێشەممە (3.12.2002)، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا کە تەلەفزیۆنی کوەیتی نیشاندرا، باسی ئەوەیکرد کە نامەیەکی بۆ وەزیری دادی دانمارکی ناردووە، رۆژنامەکانی (الرأي العام)و (القبس)ی کوێتی لەرۆژی چوارشەممە (4.12.2002)دا کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەیان بڵاوکردەوە، هەروەها (الحیاة)ی سعودی چاپی لەندەن (ژمارە -14504- پێنجشەممە 5.12.2002)، باسی ئەو نامەیەی کرد کە بۆ وەزیری دادی دانمارکی نێردراوە، توانیم کۆپییەک لەنامەکەی تاڵەبانی وەرگرم! سەبارەت بە بارزانی پێیان راگەیاندم کە هیچ نامەیەکی ئەو بەدادگاو حکومەتی دانمارکی نەگەیشتووە. بەڵام خودی خەزرەجی، مەسعود بارزانی بەنزیکترینو دڵسۆزترین هەڤاڵی خۆی دەزانێت، بۆ نموونە: خەزرەجی دوای راکردنی لەدانمارک لەڕێگای وتەبێژەکەی خۆیەوە لەدانمارک کە ناوی (محەمەد فاعور عەبدولمەجید ئەلعانی)یە سەر بە (حرکة ضباط الاحرار / بزووتنەوەی ئەفسەرە ئازادەکان)ە دیمانەیێکی لەگەڵ رۆژنامەیەکی دانمارکی سازدابوو، رۆژنامەکە دەقی دیمانەکەی ناوبراوی بڵاوکردبووەوە سەبارەت بەهەڵاتنەکەیو، نزار خەزرەجی چۆنیەتی راکردنەکەی روونکردبووەوە، هەروەها سەبارەت بەدۆستایەتی خۆی لەگەڵ بارزانیدا دەڵێت: (سەرکردەی کورد مەسعود بارزانی، نزیکترینو باشترین هەڤاڵی منە. کاتێک لەدانمارک هەڵاتمو لەسویدەوە بەتەلەفۆن پەیوەندیم بەسێ چوار وڵاتی عارەبییەوە کرد، بەڵام ئەوان رازینەبوون بچمە وڵاتەکانی ئەوان، کەچی دوای ئەوەی پەیوەندیم بە مەسعود بارزانی کرد، رێگەی پێدامو یەکسەر بەرەو سوریا سەفەرم کردو لەوێشەوە بۆ کوردستان). بێگومان ئەو بۆچوونەی خەزرەجی سەبارەت بەوەی کە ئەو مەسعود بارزانی بەنزیکرتین هەڤاڵی خۆی دەزانێ، لەئەنجامی ئەوەوە دێت کە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی بارزانی لە (14.3.1996)دا توانیان ئەنفالچی نزار خەزرەجی لە موسڵ دەرباز بکەنو بیگەیەننە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، هەروەها دوای ئەوەی لەنێوان رۆژی هەینیو دووشەممە (14 تا 17.3.2003) لەدانمارک رایکرد دیسان چووە لای بارزانی لە کوردستانو ماوەیەک لە (سەرڕەش) مایەوە.

(7)- بۆ زیاتر ناسینی خەزرەجیو رۆڵی ئەو لەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەدژی کوردو ئەنفالدا سەیری هەرسی بەشی وتارەکانی (نزار خەزرەجی حەوت رۆڵەی شاری هەڵەبجەو قوربانی گوللەباران دەکات – بەشی یەکەم، لاپەڕە (8)ی میدیا، ژمارە (283)ی سێشەممە (3.4.2007)، (نزار خەزرەجی بڕیاری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی داوە لە کوردستان – بەشی دووەم، لاپەڕە (6)ی میدیا، ژمارە (284)ی سێشەممە (10.4.2007)و (نزار خەزرەجی: دێهاتەکان کاول بکەن، ئازوقەی جاشەکان سنووردارکەنو ئۆتۆمبێلەکانیان پێشکنن – بەشی سێیەم – لاپەڕە (8)ی میدیا، ژمارە (285)ی سێشەممە (17.4.2007) بکە.

**تێبینی: هەموو ماڵپەڕو رۆژنامە کوردییەکان ئازادن لەبڵاوکردنەوەی ئەم وتارەیە، هەتا ئەگەر بۆشیانم نەناردبێت. بەڵام هیچ ماڵپەڕ، رۆژنامە، لایەنو کەسێك بەبێ ئاماژەکردن بەسەرچاوەکە بۆی نییە بەتەنیا نامەکە بڵاوکاتەوە.**

PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

His Excellency the Minister of Justice
Copenhagen
Denmark

28 November 2002

Your Excellency,

With respect, I feel it necessary to present myself as a witness in the case of General Nizar Al-Khazraji, the former military Chief of Staff of the Republic of Iraq.

I would like to testify as to the following:

1. From his youth, General Al-Khazraji has been an Iraqi patriot. This does not mean that he was an ardent supporter of the dictatorial regime.

2. When he joined the Ba'ath Party (as was demanded by all military officers) he allied himself with the left wing which opposed Saddam Hussein's group (the 'Aflaq' faction).

3. When he was promoted to Commander of the First Corps, he and the Patriotic Union of Kurdistan (PUK) had established contact covertly. We would meet and exchange intelligence regarding the activities of the Ba'ath leadership, including Saddam Hussein.

4. In one of my visits to the headquarters of the First Corps, I asked General Al-Khazraji to facilitate my meeting of a patriot officer who was opposing the regime. He organized a reception in the military club and prepared our meeting, which was intended to coordinate our actions against the dictatorship.

5. General Al-Khazraji had not personally participated nor, to the best of my knowledge, issued orders for the commencement of the 'Anfal' operation or for the deployment of chemical weapons. These orders came directly from the General Commander. The responsibility for the order and usage of such weapons came from the recognised war criminal Ali Hassan Al-Majeed.

6. My personal belief is that the Iraqi regime have encouraged the PKK and other Iraqi Kurds affected by the tragedy at Halabja who were unaware of the relationship which existed between General Al-Khazraji and the PUK, to plan a campaign against him. These allegations, which became especially apparent after the identification of General Al-Khazraji as a future leader of Iraq, have been made up with no evidence or basis.

Yours sincerely

Jalal Talabani
Secretary-General
Patriotic Union of Kurdistan

First Floor, 5 Glasshouse Walk, Vauxhall, London, SE11 5ES, UK
Telephone: +44 (0)20 7840 0840    Fax: +44 (0)20 7840 0830
www.puk.org